ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای لێخۆشبوونی بۆت کرد؟ ووتی: بەڵێ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ}

لە عبد الله کوڕی سەرجیسەوە دەڵێت: پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- ونان وگۆشتم لەگەڵی خوارد، یان ووتی: نانەوڵاو، (قوتابیەکەی دەڵێت) پێیم ووت: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای لێخۆشبوونی بۆت کرد؟ ووتی: بەڵێ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ} [محمد: 19] واتە: {وە داوای لێبووردن بکە (لە خودا) بۆ گوناهی خۆت وە بۆ (گوناهی) پیاوان وئافرەتانی ئیماندار}، (عبد الله) ووتی: پاشان چوومە پشتیەوە وسەیری مۆری پێغەمبەرایەتیم -خاتم النبوة-م کرد لە نێوان شانەکانی، لە بەشی سەرەوەی شانی چەپی، وەکو مشتێکی دەست دەبوو، هەندێک خاڵی لەسەر بوو وەکو بالووکە وابوون.

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هاوەڵی بەڕێز عبد الله کوڕی سەرجیس دەڵێت: پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم- ونان وگۆشتی لەگەڵی خوارد، قوتابیەکەی پێی ووت: ئایا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای لێخۆشبوونی بۆت کرد؟ ئەویش (عبد الله) ووتی: بەڵێ، داوای لێخۆشبوونی بۆ تۆیش کرد وبۆ هەموو ئیمانداران؛ چونکە خوای گەورە فەرمانی ئەمەی پێکردووە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَاسْتَغْفِرْ لِذَنْبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ} [محمد: 19] واتە: {وە داوای لێبووردن بکە (لە خودا) بۆ گوناهی خۆت وە بۆ (گوناهی) پیاوان وئافرەتانی ئیماندار}، پاشان (عبد الله) پێی ووت: جارێکیان چووە ئاراستەی پشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وسەیری مۆری پێغەمبەرایەتی -خاتم النبوة-ی کرد لە نێوان شانەکانی، لە بەشی سەرەوەی شانی چەپی، وەکو مشتێکی دەست دەبوو، هەندێک نیشانە وخاڵی لەسەر بوو جیاواز بوو لە ڕەنگی پێستی لاشەی -صلى الله عليه وسلم-. وئەم گێڕانەوەیە پێچەوانەی ئەو گێڕانەوانەی تر نییە کە وا وەسفی مۆری پێغەمبەرایەتی -خاتم النبوة- دەکات کە چەند مووێەکی لەسەر بووە وهەندێکی تر وا وەسفی دەکەن کە لە هێلکەی کۆتر دەچوو، هەموو ئەمانە دەکرێتە کۆ بکرێتەوە چونکە هەریەکێک بە پێی تێگەیشتنی خۆی وەسفی دەکات، و وەسفەکانیان لە یەکترەوە نزیکە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10965